کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:11 29-5-2007

## نەوەی نوێ و تەڵاق ... سەلام ناوخۆش

هەروەك چۆن هەر سەردەمە و ئەدگار و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، هەر نەوەیەکیش ئەدگار و جیهانبینی خۆی هەیە، لە چلەکان بەرەو خوارەوە بە دەگمەن پرۆسەی هاوسەرگیری بە بڕیار و حەزی کچ و کوڕەکەوە بەڕێوە چووە، باوك و برا و ئامۆزا کارەکتەری سەرەکی ئەو شانۆگەریە بوونە، کوڕ و کچ و بەتایبەتی تر کچ بەرامبەر ئاغایەتی ئەوانە بەچۆکدا هاتوون، ئەو هاوسەرگیریە ڕواڵەتێکی دینی و ترۆپکێکی سەد لە سدی عەشایەری بووە.
پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەو هاوسەگرییە زۆرجار ئەو مەرگەساتە ناچاریە بووە، بەڵام کۆتە کۆمەڵایەتییەکە ڕێگرێکی موتڵەقیش بووە لە بەرامبەر تەڵاقدا.
لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری (1991)، نەوەیەك دروست بووە بەهیچ جۆرێ لە هیچ نەوەیەکی پێش خۆی ناچێ، لە ڕوێکەوە لە زەمەنێك دەژی هەموو شتێ لە قەیران دایە، قەیرانی ئاو و کارەبا، مان و نەمان، هزر، جلوبەرگ، گۆرانی، هاوسەرگیری و تەڵاق و.. هتد، ئەم نەوەیە پێی خۆشە یاخی بێ، زۆرجار هەر تەنیا یاخی لە پێناو یاخی.
لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا تەواو بە پێچەوانەی باوك و باپیرانی ئەوەندە تێکەڵییەکن و ئەوەندە ئاڵودەی یەکترن، بەڵام چونکە ئەوەندە ڕواڵەتی لە پرۆسەکە گەیشتوون، تەمەنی هەنگوینی پرۆسەکە لە هەمان شوێن هەر بەقەدەر ژیانی منداڵێکە لە سکی دایکیدا! ئەم هەفتەیە خۆم لە ڕادیۆی (نەوا) گوێم لە ڕاپۆرتێك بوو، کورتەی ڕاپۆرتەکە ئەوەبوو کە لە شارێکی هەرێمی کوردستاندا ڕێژەی تەڵاق تەنیا لە دوو مانگی ئەمساڵدا دوو ئەوەندەی ڕێژەی هاوسەرگیری بووە!
ئەم بەزمە بەڕاستی کارەساتە، مەرگەساتە تەواو چاولێکردنی پرۆسەی هاوسەرگیری ڕۆژئاواییە، لە هەمووی سەیرتر، لە ڕۆژئاوادا بیرمەندەکان ئەوە لە تێکۆشان دان سەروەری بۆ خێزان بگەڕێننەوە، چونکە بۆیان دەرکەوتووە تەناهی و ئاسوودەیی مرۆڤ لە خێزان دایە، کەچی لە لای ئێمە نەوەکانمان خەریکە خێزان لەیەك هەڵبوەشێننەوە!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.